

# * دوایین باوەشی جەللادێ

**کەتان خادیمی**

نامەیەکی خوێناوی لە گیرفانی جەللادێك کەوت و... ڕۆژنامەنووسێك هەڵیگرتەوەو.. وەك خۆی بڵاوی کردەوە

حەوت ساڵە لەم ماڵەدام هەموو ڕۆژێ گیرفانەکانت خاڵی ئەکەمەوە لە......

یان عەلاگە میوەکانت لێدەگرم ئەو عەلاگانەی هەمیشە بۆنێکیان لێوە دێ کە لە عەلاگەکانی دەستی باوکمەوە نەدەهات.. حەوت ساڵە پرسیارێك لە گەرومدایە و ئەمەوێ بیدرکێنم...... پرسیارێ کە دەمویست بەر لەوەی ببمە دایك وەڵامەکەی بزانم... من ناخم پڕ پڕە لە چیرۆکی ئەو دڵۆپە خوێنانەی کە بە کراسەکەتەوە ئەپرژان. دوای شۆردنی هەموو جار پرسیارم لێدەکردی «پیاوەکە ئەو خوێنەی بە کراسەکەتەوەیە بۆم لێنابێتەوە.. چیبکەم؟».

دەتووت «ئافرەت ئەمڕۆ مووچەی بەڕێوەبەرەکەمان زیادی کردبوو، یەك دوو کەڵەشێری هەر لەوێ سەربڕین»

هەندێك جاریش پێت دەوتم «ئەمڕۆ سەرەمەرێکیان کردە قوربانی و ئەو هەموو خوێنەم پیاپڕژا»

هەرچەندە دڵنیام کە تۆ خەریکی چ پیشەیەکیت، بەڵام من هەر حەزم لە دایکایەتییە، تینووی ئنگا ئنگای منداڵ و بە ئاواتی ژوورێکی شپرزەم بەیاریی منداڵان و پڕ لەتورەیی شیرینی دایکێ، بەڵام پیشەکەی تۆ هەمیشە لە دایکایەتی دەمترسێنێ، لە پرسیارە بزێوەکانی منداڵێ دەپرسم، ژنان کە پرسیاری پیشەکەی تۆم لێدەکەن هەندێك جار وەڵامیان نادەمەوە، هەندێك جاریش دەڵێم ئیشی سەرپێیی دەکات، یان پاسەوانە یان.................. درۆ... درۆ.. دەکەم ناڵێم... شەرمەزارم، ژنان دەڵێن خۆ لە ماڵە باوکت نان نەبڕاوە... من هەموو ڕۆژێ گیرفانەکانت خاڵی دەکەمەوە لەو هەناسانەی بەدیار تووە بۆ دواجار کۆتاییان پێهاتووە، یان دواین مژی جگەرەی گەنجێ کە لە دەمی کەوتۆتە خوارەوەو تۆ بەتورەییەوە خستووتەتە ژێر پێیەکانت، من حەزم دەکرد مێردەکەم خۆڵرێژ، ئاسنگەر، دارتاش،..... بوایە، یان وەك مێردی ئەو ژنە خواپێداوانە بوایە کە مێردەکانیان عاشقی کتێب و نووسینن و هەمیشە باس لە جوانی و سروشت و ژن و خواو...... دەکەن.

ئەو پیاوانەی دڵیان نایە مریشکێ سەربڕن.. بەڵام تۆ.... تۆ........... تۆ...

جارێکیان هێشتا پیاڵەکانی بەیانیم نەشۆردبوون، لەدەرگا درا، کچێك بوو، لە ژیانمدا نەمبینیبوو، بەڵام ئەو وا لە من نزیکبووەوە، وەك ئەوەی چەندین ساڵبێت بمناسێت، هەر لەحەوشەکەوە دەستی بە پاڕانەوە کرد، تەنانەت دانەوییەوەو قاچمی ماچکرد، من هیچ... هیچم پێ نەدەوترا، شۆخیی ئەو کچە، جوانیی ئەو دوو چاوە گەشە پڕ لە فرمێسکانەی مەست و سەرسامیان کردبووم، ئەوە یەکەم کەسبوو بە پیشەکەی تۆ بزانێت، تا دەمرم دەنگی ئەو کچەم لەیاد ناچێت کە دەیوت.......... «خانم گیان.. مێردەکەم پیاوێکی تەمەن سی ساڵە، کەسی نیە کەس، دەبوو من ببمە هەموو کەسێکی، هەموو ئاواتێکی من ئەوە بوو ژوورو هەیوانێکمان هەبێت و پێکەوە بژین.... بەڕێزەکەم.. تا دەمرم نانەکەری و کارەکەریت بۆ دەکەم بەس ئەو ببینمەوە، تۆ دەتوانی.. ئا.. ژنان دەتوانن، دەرگای دڵی پیاوان تەنها بە ژنەکانیان دەکرێنەوە، خانم گیان.. من ئێستە دووگیانم.. نامەوێ کۆرپەکەم بە بێباوك لەدایکبێت»

ئەو هەر دەگریاو منیش ترسنۆکانە دەگریام و سەیرم دەکرد.. وەکو خوشکێکی خۆی توند گوشیمی بەخۆیەوە، من لەو بێدەسەڵاتتربووم، ئەو نەیدەزانی دەرگای دڵی جەللاد ئەو دەرگا پۆڵایینەیە کە ژنەکانیشییان تەنیا بەبۆن لە نهێنییەکانی ئەودیویان تێدەگەن.

من چەندین شەو لەو شەوانەی کە تۆ لە ماڵ نەدەبوویت، ئەو شەوانەی دەتوت ئێشکگرم، ئەو شەوانە دەمبینیت کە چۆن خەڵکت لە سێدارە دەدا، دەمزانی کە لە سێدارەدان دەبێت لە نیوەشەو بەدواوە بێت، ئەم کارەش تەنیا بەتۆ دەکرا.. ئیدی بۆ شەوی دوایی یان بۆنی هەناسەبڕکێی لەسێدارە دراوێکت لێدەهات، یان بۆنی سۆزانییەك.

من لە شەوی یەکەمی بووکێنیمەوە زانیم کە تۆ دڕندەی، چونکە بەڵێنت لێوەرگرتم کە پرسیاری پیشەت لێنەکەم. هەر ئەو شەوە دەمانچەیەکت پیشاندام «ئەگەر قسە بکەیت کۆتایی بەژیانت دەهێنم» ئەو شەوە ئیدی زانیم کوشتن بەلاتەوە ئاوخواردنەوەیە......

پاش دوو ساڵ جارێکی دی پرسیاری ئەوەم لێکردیت کە پیشەکەت چەند ماندووت دەکات، ئەوە ئەو شەوە بوو کە لە لێوارەکانی مەرگەوە گەڕامەوە. لەم ساڵانەی دواییدا پێم وتی «ئەو ژنە دراوسێیەمان تەواو بەختەوەرە کە شەوانە پاقلەو نۆك دەکوڵێنێت بۆ مێردەکەی، تا ئەویش بەیانی بیفرۆشێت» ئەو شەوە گوللەیەکم بەرکەوت،

بەڵام نەمردم، بەڵێ نەمردم.. لە نەخۆشخانە وتت «ویستوومە دەمانچەکەم پاکبکەمەوە، گوللەیەك لە دەستم دەرچووە».

ئەو کچە زۆر بێئاگا بوو کە لە من دەپاڕایەوە تا بەتۆ بڵێم خۆشەویستە تاقانەکەی نەکوژیت، ئەو وایدەزانی پەیوەندیی نێوان من و تۆ وەك پەیوەندیی نێوان ئەو و خۆشەویستەکەیەتی. ئەو کچە بەرلەوەی لە ماڵ دەرچێت ئاوڕی دایەوەو وتی «گەر ئەو لەناو ببرێت، ئەوا منیش ناچارم ئاگر لە خۆم بەربدەم... ئا.. خانم خۆم دەسووتێنم، چونکە چیدی ژیانم بە بێ ئەو ناوێت.

ڕۆژێك کە کراسەکەم شۆردی، بۆنی هەناسەی ئەو کچەی لێدەهات کە ئەو بەیانییە باوەشی پیاکردم.

بۆنی هەناسەی ئەو عاشقەی لێدەهات کە چاوەڕێبوو ببێت بە باوك و مناڵێك جێگەی هەموو تفاقێکی ژوورە بێتفاقەکەیان بۆ پڕ بکاتەوە.

ژیان لەگەڵ تۆ بێهودەیە کە نەتوانم لە کەناری کوشتنێك بتگەڕێنمەوە، نەتوانم ببمە دایك و نەتوانم ئەو نامە بچوك بچوکانەی کە بەر لە مەرگ ئەو کوڕە گەنجانە دەتدەنێ، بیاندەمە دەست دایك و خوشکە کزۆڵەکانیان و دەسگیرانە هیوا سووتاوەکانیان. منێك کە بەبۆنی عەلاگە پڕ لە میوەکانت سەرم گێژ دەخوات... شەرمەزارم بەو خشڵانەی تۆ بۆت کڕیوم. ئاخر چۆن دەبێت ژنێك شانازی بە خشڵێکەوە بکات (نقێمەکانی) خوێن بن لەبەر چاوی؟ گەر بشرۆم، بەهەر کوێیەك بگەم دەمدۆزیتەوە و کۆتایی بەژیانم دێنیت.

تۆیەك هەموو ڕۆژێك هەناسەی ساردی چەندین کەست بۆ دەهێنامەوە، ئەو ڕۆژانەم لە یادن لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە دوژمنەکانی خۆیانیان بەتۆ دەکوشت، ئەو شەوەش کە لەگەڵ پیاوە سمێڵبابڕەکەدا نەخشەتان کێشا تا چۆن ژنەکەی لەناو بەرێت، هەر ئەو شەوە چەندین جێگە چڕنووکی ژنانەم بە کراسەکەتەوە شۆردن، ئەو پرسیارانە منیان کوشت.. ئەو پرسیارانەی کە ویستم بیانکەم و نەمتوانی... ئێستە لێتدەپرسم:

_بۆ دوایین فیشەکیان بەتۆ دەسپارد؟

_بۆ دەبوو کورسیی ژێر پێی لە سێدارە دراوەکان تۆ لای بەریت؟

_بۆ پیاوان ژنەکانیان بەتۆ دەکوشت..؟



# *قادرمە خوێناویەکان

گرمە گرمی شۆفڵ و غەڵبە غەڵبی کرێکارە ڕووخسار عارەقاوییەکان و دوکاندارە شپرزەکان و.. بۆڵەبۆڵی ئەندازیارەکە، بەنێو قەیسەریەکانی ئەو ناوەدا شەپۆلی دەدا.

پاش فرۆشتنی ئەم خانووە، چەندین جار لەلایەن شارەوانییەوە ئاگادار کرایەوە کە چۆڵی بکات، هەر بۆیە شارەوانی بڕیاری ڕووخاندنی دەرکردووەو دەبێت ئەمڕۆش جێبەجێ بکرێت.

ئەمیش بە دەموچاوێکی پڕ لە پەژارەو گومانەوە سەری دانەواندبوو، وەك خەریکی خوێندنەوەی کتێبێکی زۆر پیرۆز بێت، جارجارەش گوێی بە قادرمەکانەوە دەنا، یان ماچی دەکردن... لەناکاو پیاوێك بە تیشێتێکی سوور و چاویلکەیەکی رەشەوە، بە هێمنی هاتە پێش و لە گیرفانیدا کاغەزێکی دەرهێنا.

_بەڕێز خانم.... وابزانم ناوتان وەنەوشە.

_.........

_وەنەوش خان ئەمە بڕیاری شارەوانییە، ئەم خانووە کۆنە تەواو دیمەنی ئەم دەوروبەرەی شێواندووە، دەبێت هەر ئێستە لە بناغەوە بیروخێنین، گەر جەنابتان لێرە دوورکەونەوە باشترە.

چاوە سوورهەڵگەڕاوەکانی هەڵبڕی، چەند تاڵەموویەکی ئاڵۆسکاو لەژێر لەچکە رەشەکەیەوە دەر هاتبوون، بەتوورەییەوە ڕوویکردە پیاوەکە.

_ ئیش براوە شارەوانی بیکات؟ ئەم خانووە چ ڕێیەکی لە ئێوە گرتووە؟ پیاوەکەش لەم تووڕەتر هەڵیدایێ:

_ئەم خانووە فرۆشراوە بەشارەوانی، بنەماڵەکەی ئێوە فرۆشتوویانە، خۆ بەتەنیا تۆ خاوەنی نیت.

هەستایە سەر پێ و پڕ بە گەرووی زریکاندی:

_بنەماڵە گەمژەکەی من، نازانن ئەم نووسینانە بخوێننەوە، نازانن گوێ لەو ئاوازانە بگرن کە لێرەوە دێن.

هەموو کرێکارەکان دایانە قاقای پێکەنین، سێ کرێکاری ڕەشتاڵە نەبێت کە هیچ لە قسەکانی تێنەگەیشتن، ئیدی ئەوانی دی هەریەکەو شتێکی دەگوت.

-رادیۆیە..

-تەسجیلە..

ها.... هە.... ها..........

لێرە دادەنیشم و لێرە موتاڵای زەمەن دەکەم، لەسەر ئەو قادرمانەی کە هەریەکەیان لە زەمەنێکدا دروستکراوە، هەر یەکەیان بۆنی دەستوپەنجەی کرێکارو وەستایەکی تووڕەیان لێهەڵدەسێت. لەسەر ئەو قادرمانەی کە هیچکامێکیان لەویتریان ناکات، ئەم قادرمانەن کە ماڵی باوکی باوکم و باوکی دایکمیان بەیەك گەیاندوون........

وەك بڵێی شێوە بازنەیی دروستکرابن، هەر بەدەوریاندا دەسوڕێمەوە...... دەسوڕێمەوە.... تادوا قادرمە کە کاشی کراوە و... دەمباتەوە سەر ئەو قادرمە گڵینە کە دایکم هەموو جارێ دەیوت تۆ لێرە لەدایکبوویت، ئا... لێرەدا سینییەك پیاڵە چام بە دەستەوە بوو، ژان گرتمی و پاش کەمێك تۆ لەدایکبوویت... لێرە... ئیدی نە توانیم سەرکەومەوە و نە توانیشم بێمە خوارەوە... دەبوو تۆ لێرە لەدایکبیت، وەنەوشەکەم دەبوو لەسەر ئەم قادرمەیە لەدایکبیت. ئێستەش سێبەری ئەو (گوێزان)ە ئەبینم کە ناوکمیان پێبری، من لێرەوە، لەو پەڵە خوێنانەوە خۆم دەخوێنمەوە و سەر بەم قادرمەوە دەنێم تا گوێم لە یەکەم ئنگای منڵیی خۆم بێت.

گوێم لە خشپەی پێی ئەو پیاوانەیە کە تەرمی نەنکم و دایکمیان بە سەر ئەم قادرمانەدا بەرەو گۆڕستان بەڕێکردووە، لێرەوە چەند تاڵەموویەکی سپیبووی پێشوەختی دایکم کە لەکاتی قژداهێنانیدا هەڵوەریون هەڵدەگرمەوەو بە حورمەتەوە ماچیان دەکەم.

کەپووم بە قادرمەی سێهەمەوە دەنێم، بۆنی شمڵی و مێخەکی بەر سنگ و بەرۆکی نەنکم دەکەم. لە قادرمەی چوارەمەوە سەیری خوێنی ئەو دانە شکاوەم دەکەم کە لە تابلۆی دەستوپەنجەی هونەرمەندێکی کارامە دەکات، ئەو پەڵە خوێنە هەر جارەو بە شێوەیەك دێتە پێشچاوم، وێنەی چەرخوفەلەکی جەژنانی رۆژگاری مناڵیم، یان وێنەی باوکم بەتووڕەییەوە.. یان درەختێکی پاییز یان گوڵێکی سووری دەنواند........

هەر بۆیە هیچکات لە تەماشاکردنی تێرنەدەبووم، لە قادرمەی هەشتەمدا کە لە هەموو قادرمەکان پانوپۆڕترو لارووێرتر دەینواند لەوێدا سەدان تریقەم بەرگوێ دەکەوت، تریقەی ئەو ژنە ڕێکپۆشانەی کە بەربووکی نەنکم و دایکم و پورەکانم ببوون... لێرەوە..... بەرەو خوار، بەرەو تاریکاییە نادیارەکان بردوویانن، لەسەر ئەم قادرمەیە سەدان چپەی ژنانە دەخوێنمەوە، سەدان دڵی سپی بەبێ ئەوەی هیچ لە دڵی پیاوان بزانن، سادە... سادە ملیان ناوە، لێرەوە لە پەڵەی ئەو خەنەیەی کە بە وتنی چەندین (بسم الله) گرتوویانەتەوەو لێرەدا تۆپەڵێکی لە دەستی کچۆڵەیەك کەوتۆتە خوارەوەو بۆتە ئیلهامی موتاڵای من، ئەم قادرمانە پڕن لە سرتەی پێی ئەو پیاوە تووڕانەی لەگەڵ عەلاگە میوەکانیاندا سەدان حەسرەتیان دەهێنایەوە بۆ ماڵ.

ئێستەش نەمزانی ژمارەی ئەم قادرمانە چەندن؟ بۆ دەبێت دوا قادرمە بمباتەوە سەر یەکەم قادرمە؟

لەنێو قاقاو پێکەنینی کرێکارەکان و تووڕەیی ئەندازیارەکە و... غەڵبە غەڵبی ئەو هەموو دوکاندارەی لەوێدا کۆببوونەوە..

کرێکارێکی ڕیش سپی هاتە پێش و گوتی:

-کچم دوور بکەوەرەوە..... ئەوە بڕیارە.

-ئاخر مامە گیان ئەوە ڕۆژگارەکانی منن.

-نا کچم ڕۆژگاری ئێمە هەرزوو ڕووخا.

-من لێرەوە دایکم دەبینم.

کابرا زیاتر لە حەکیمێك دەچوو نەك لە کرێکار..... دەستی خستە سەر شانی و بەسۆزێکی باوکانەوە وتی:

ـکچم عاقڵبە ئێرە فرۆشراوە!

_ئەی من بۆ کوێ بچم؟

_نازانم...... نا...

هەروەك کچێکی چکۆلە دەستیدایە دەست کرێکارەکەو لەبەر خۆیەوە دەیگوت «ئێرە فرۆشراوە... فرۆشراوە..... فرۆشراوە........

ئەو تاکە کچێك بوو لە نێو ئاپۆرای ئەو پیاوانەدا کە هەر یەکە لەلایەکەوە پێیان دەگوت «ئەمە بوو گوێی لە قادرمەکان دەگرت

ئەندازیارەکە ئاماژەی کرد بۆ شوفێری شۆفڵەکە، ئەمیش لە چاوتروکانێکدا خۆی گەیاندە بەردەم دانی تیژی شۆفڵەکەو خوێنی تێکەڵ بەسەدان دڵۆپە خوێنی تر بوون... خوێنی دانێکی شکاو و ناوکی بڕاوو..

خوێنی لێدانی دەستە زبرەکان و خوێنی شەوی... خوێنی..... خوێنی......